# ئیسلام بریتیه لەوەی شاهێدی بدەیت بە (لا إله إلا الله ومحمداً رسول الله)، ونوێژ ئەنجام بدەیت وزەکات بدەیت وڕۆژووی ڕەمەزان بگریت وحەج بکەیت بۆ ماڵی خودا ئەگەر توانیت

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک دانیشتبووین لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پیاوێک دەرکەوت وهاتە لامان، جلەکەی زۆر سپی وقژی زۆر ڕەش بوو بەشێوازێک وەک کەسی موسافیر دەرنەدەکەوت وکەسیش لە ئێمە نەی دەناسی هات دانیشت لە بەردەم پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وئەژنۆی چوتکرد بە ئەژنۆی ڕەسول الله وە ودەستەکانی لە سەر قاچەکانی دانا، و ووتی: ئەی موحەمەد ئیسلام چییە؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئیسلام بریتیە لەوەی شاهێدی بدەیت بە (لا إله إلا الله ومحمداً رسول الله)، ونوێژ ئەنجام بدەیت وزەکات بدەیت وڕۆژووی ڕەمەزان بگریت وحەج بکەیت بۆ ماڵی خودا ئەگەر توانیت»، ووتی: ڕاست دەکەیت، (عومەر) دەڵێت: سەیر بوو بە لامانەوە، پرسیاری لێدەکرد ودەیووت ڕاست دەکەیت. پاشان پیاوەکە ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە ئیمان؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئیمان ئەوەیە باوەڕ بهێنیت بە خودا وفریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرانی وڕۆژی دوایی، وباوەڕت هەبێت بە قەدەر بە خێر وشەڕی»، ووتی: ڕاست دەکەیت، هەواڵم پێبدە سەبارەت بە ئیحسان (پلەی چاکەکاری لە پەرستندا)؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «خودا بپەرستیت وەکو ئەوە وابێت کە ببینیت، هەرچەندە تۆ ئەو نابینیت بەڵام ئەو تۆ دەبینێت»، ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە کاتی ڕوودانی قیامەت (الساعة)؟ -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەوەی پرسیاری لێکراوە زاناتر نیە لەو کەسەی پرسیار دەکات»، ووتی: هەواڵم پێبدە سەبارەت بە نیشانەکانی هاتنی قیامەت؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «(أَنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَها) واتە: منداڵەکان ببن بە گەورە وسەردار بە سەر بەخێوکارەکانیانەوە ، وببینیت کە کەسانی پێ پەتی وڕووت وهەژار وشوان بینای بەرز دروست دەکەن»، پاشان پیاوەکە چوو، وعومەر دەڵێت: بۆ ماوەیەک ماینەوە پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەی عومەر دەزانیت ئەوە کێ بوو پرسیاری دەکرد؟»، ووتم: خودا وپێغەمبەرەکەی دەزانن، -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەوە جبریل بوو هات بۆ ئەوەی ئاینەکەتان فێر بکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە جبریل -علیه السلام- هات بۆ لای هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەسەر وێنەی پیاوێکی نەناسراو لە کاتێکدا کە ئەوان دانیشتبوون لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، لە سیفەتەکانی: شێوەی جبریل زۆر سپی بوو وقژێکی ڕەشی هەبوو، وشوێنەواری سەفەرکردنی پێوە دیار نەبوو لە خۆڵ وتۆز، وتێکچوونی قژ وڕیش، وپیسبوونی جل، وهیچ یەکێک لەوانەی دانیشتبوون نەیانناسی، دانیشت لە بەرامبەر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وەکو دانیشتنی کەسێک بیەوێت فێر بێت وداوای ڕێنمایی بکات، پرسیاری ئیسلامی لێکرد، وەڵامی دایەوە بەم پایانە کە دانانن بە دوو شاهێدیەکەی لە خۆگرتووە، وپارێزگاری لە نوێژەکان، ودانی زەکات بۆ ئەوانەی شایستەن، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بە نیەتێکی ڕاستگۆوە، وبەجێهێنانی فەریزەی حەج بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن. پرسیارکار -جبریل- ووتی: ڕاست دەکەیت، وهاوەڵان پێیان سەیر بوو کە پرسیار دەکات و وادیارە سەبارەت بە باسەکان نازانێت بەڵام دەڵێت: ڕاست دەکەیت، پاشان پرسیاری ئیمانی لێکرد، وەڵامی دایەوە بەم شەش پایە: باوەڕ بەبوونی خوای گەورە وسیفەتەکانی، و بەتاکدانانی لە کردەوەکانی وەکو خوڵقاندن، و بەتاکدانانی لە پەرستنیدا، و بەتاکدانانی لە ناو وسیفەتەکانیدا، وباوەڕ بە ئەو فریشتانەی خوای گەورە دروستی کردوون بەندەی چاک وبەڕێزن وهەرگیز سەرپێچی فەرمانەکانی خودا ناکەن، وباوەڕهێنان بە کتێبە دابەزێنراوەکان بۆ

پێغەمبەران لەلایەن خوداوە؛ وەکو قورئان وئینجیل وتەورات وزەبور وهتد، وباوەڕهێنان بە هەموو پێغەمبەران کە دینی خودایان گەیاندووە؛ وەکو نوح وئیبراهیم وموسا وعیسا وکۆتایان موحەممەدە -علیهم الصلاة والسلام- وپێغەمبەرانی تر، وباوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی -قیامەت-، کە باوەڕ بە پاش مردن ؛ گۆڕ وژیانی بەرزەخیش دەگرێتەوە، ومرۆڤ پاش مردنی زیندوو دەکرێتەوە ولێپرسینەوەی لە گەڵدا دەکرێت، وچارەنووسی بەرەو دۆزەخ یان بەهەشت دەبێت، وباوەڕ بەوەی خوای گەورە بەپێی زانستی پێشووی وحیکمەتی قەدەری هەموو شتێکی نووسیوە، و ویستی لە ڕودانیان هەیە و خوڵقاندونی، وڕوودانیان بەو شێوەیە کە لەقەدەردا هاتووە. پاشان پرسیاری دەربارەی ئیحسان کرد، وسەروەرمان جوابی دایەوە وفەرمووی: ئیحسان واتە الله بپەرستیت وەک ئەوەی کە دەی بینیت خۆ ئەگەر بەندە الله نەبینێت ئەوا الله پێگومان بەندەکان دەبینێت پاشان پرسیاری لێکرد: کەی قیامەتە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە کە زانیاری سەبارەت بە قیامەت لای هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان نیە؛ نە پرسیارلێکراو و نە پرسیارکار، وتەنها الله زانستی سەبارەتی هەیە. پاشان پرسیاری لێکرد سەبارەت بە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەت؟ ڕوونیکردەوە -صلى الله عليه وسلم- کە لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە ئەو ئافرەتانەی لە جەنگدا دەگیرێن وەدەکرێن بە سەراری ومنداڵەکانیان زۆر دەبن وئەم منداڵانە دەبنە پادشا وفەرمانڕەوا، یان بە واتای ئەوە دێت کە خراپەکاری منداڵ بەرامبەر دایک وباوک زۆر دەبێت کە وەکو کەنیزەک مامەڵەیان لە گەڵ دەکەن، وئەوانەی شوانێتی دەکەن وهەژارن لە کۆتایی دونیادا ماڵ وپارەیان زۆر دەبێت ودونیا دەڕژێتە سەریان بۆیە شانازی دەکەن بە ڕازاندنەوەی بیناکان وبەرزکردنەوەیان. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەیکرد کە پرسیارکار جبریل بوو-عليه السلام- هات بۆئەوەی ئەم ئاینە پاک وبێگەردە فێری هاوەڵان بکات -ڕەزای خوایان لێبێت-.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4563

النجاة الخيرية ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية EDC E-Da'wah Committee